# ڕوویەکی تری شیعری گۆران سەبارەت بە ژن

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

**ئاماژە**

ئەوە شتێکی خۆیا و ڕوونە کە هەر شاعیرێک دەتوانێ لە ئەزموونی شاعیریدا، لەمەڕ چەند بابەتی جیاوازەوە شیعر بڵێ؛ بۆ نموونە ئەگەر کەسێ ئاشنایی لەگەڵ شیعرەکانی گۆران (١٩٠٤ - ١٩٦٢ز) بێت دەزانێ کە هەڵبەستەکانی، چەند باسی جۆراوجۆر دەگرنەخۆ، کەچی گومان لەوەشدا نییە کە بابەتی زۆربەی هۆنراوەکانی ئەو - سروشتی لێ دەرچێ - لیپاولیپ لە جوانی کچ و پێداهەڵدانی ژنن. ئەم مەسەلەیە ڕەنگە وا بنوێنێ کە گۆران هەر لە یەک قوڵی ئەم بەستێنەدا گەشتی کردبێت و بەس! بەڵام بە پێچەوانەی ئەم هەموو وەسفە جوانەی لە ژن، دەلاقەیەکی دیکەشی لە بەرانبەر ژندا کردووەتەوە کە دەردەکەوێت، بێجگە لە پێداهەڵدان و وەسفی ژن/کچ، ئاگاداری ئازار و کێشەی ئەم بەشەش لە کۆمەڵگا بووە و هەوڵی داوە قسە و دەردی ئەوان بە زمانی شیعر ڕابگوێزێ، لەم وتارەدا هەوڵ دراوە شیعرەکانی گۆران لەم بوارەدا تاووتو بکرێن، بێ گومان دیارە دەرگای ئەم باسە ئاواڵەیە و هەر بەوەندەش نابەسترێتەوە.

**دەسپێک**

**ئەلف) پێناسەکردنی "ژن" لە ڕوانگەی «گۆران»ـەوە:**

بەر لەوەی بێینە سەر باسی سەرەکی بابەت، پێویستە لە پێشدا بیروڕای گۆران لەبارەی "ژن"ـەوە بزانین کە لەخۆگری چ بووە؛ چون باسکردنی ئەم مەسەلەیە لەسەرەتادا، دەبێتە هۆی ئاشنایەتی گشتی ئێمە لەگەڵ ڕوانگەی شاعیر؛ کەوابوو دەبێ بزانین بۆچوونی ئەو لەبارەی ژنەوە چییە؟ کاتێ شیعری "ژن" لە دیوانی گۆران دا چاو لێ بکەین بەڕوونی ڕوانگەی گشتی شاعیرمان دێتەدەست کە لە کوێوە سەیر دەکا و چۆن بیر دەکاتەوە. لە واقیعدا ئەم شیعرە پێناسەی بۆچوونی شاعیرە لەمەڕ "ژن":

**ژنە کە جیلوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا پەرواز،**
**ژنە کە قووەت ئەخاتە خەیاڵی ڕەقس ئەنگیز،**
**ژنە مووەللیدی عیشق و ژنیشە عیشق نەواز،**
**ژنە کە تاری ڕووبابی حەیات ئەکا تەهزیز!**
**سەمایی واسیعی دڵ گەر لە ژن بکەی خاڵی**
**تەجەللیاتی بەدایع غرووب ئەکا، دەیجوور**
**بەسەر سەمایی تەهیدا گوشاد ئەکا باڵی،**
**لە کەوکەبی ئەمەلت ون ئەبێ تەبەسسومی نوور!**
**ژنە کە گەوهەری سەر تاجی ئیحترامە، ژنە:**
**بە نووکی نەشتەری ئەڵماسی تیژی عیشق و غەرام،**
**خوتووتی قودسییەتی حەککراوی قەلبی منە!**



**گۆران**

**بە سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام:**
**لە کونجی خاتیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا**
**پەری سیفەت بە پەلوپۆی جەماڵەوە جیلوە،**
**لە کوێ لە سەتحی زەمینا، لە سینەیی فەلەکا،**
**ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بەدایعی ئەشیا؟** (ل: ٨٥).

بە تێڕامـان لە ناوەڕۆکی ئەم شیـعـرە، تێ دەگەین کە شـاعـیـر لەوپەڕی جـوانی و سـاکـاریدا بۆچوونی خـۆی سـەبارەت بە "ژن" دەربڕیوە؛ چی سـەرتر لەوە کـە ژن قـووەت بەخـشی خـەیاڵە، جـووڵێنەری «تاری ڕوبابی حەیات»ـە، «گەوهەری سەرتاجی ئیحـترامە»، ئیلهـام بەخشە و...تاد.

هەر لەم بوارەدا، ئەگەر لە شیـعری "بەسـتـەی دڵدار" وردبینەوە، بەڕوونی پێگەی گـرینگی ژن(دڵدار) لە ڕوانگەی شاعیردا دەبینین:

**ئەوسا کە تۆم نەدیبوو،**
**ژینم تاڵی و ترشی بوو؛**
**بێ شادی و ئارام،**
**بێ هیوا و ناکام،**
**ئەژیام: ژینی سەرسەری؛**
**نەمبوو کەس**
**بۆ ڕابەری؛**
**تۆیت و بەس**
**ڕێگای هیوا نیشاندەرم،**
**سەختیی ژیان ئاسانکەرم!** (ل: ٥٥).

ناوەڕۆکی ئەم هەڵبەسـتـە نیـشـان دەدا کـە گـۆران ژینی خـۆی قـەرزداری "دڵدار"، یان بە مـانای بەرینتـر "ژن" زانیوە.

شیعرێکی تر کە سیمای ژنی زۆر پێوە دیارە، شیعری "نیاز"ـە. شاعیر بە باس کردنی سەردەمانێک کە تاڵی لێ دادەچۆڕێ، خوێنەر دەباتە ناو خەمێکی قووڵەوە:

**سەردەمێک بوو دنیای گیانم تاریک و چۆڵ بوو؛**
**کام بەرۆچکەی گەرمە دڵم، چەشنی سەهۆڵ بوو؛**
**قەریحەم وشک، تەبیعەتم زەرد و ژاکاو بوو**
**زەردەخەنەم ئاخی سەرلێو، فرمێسکی چاو بوو!....**
**سەردەمێک بوو بێ نەغمە بوو باغچەی ژیانم،**
**بێ ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم**
**لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکابوو؛**
**شەپۆلی بای بەهرە و جۆشم مەنگ ڕاوەستابوو....**
**ناهومێد بووم، وام ئەزانی دەردێکە کاری،**
**بەرەو پیـری چوون هێناویە دیاریی ئێـجگاری!** (ل: ٦٣)

شـاعـیـر لەم شیـعرەدا ئەگەرچی زۆر باسی ناهۆمیـدی دەکـا، بەڵام بەردەوام خـوێنەرەکـەی، بە پەیامـێـکی هیـوابەخش ئارەزوومەند دەهێڵێتەوە، ئەم پەیامەش کە کۆتایی هێنی سەردەمی ناخۆشی و سەختییە، وجوودی ژنە:

**بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕەژنی شۆخ!**
**بە لێوی ئاڵ، بە چاوی ڕەش، چاوی ڕەشی تۆخ....**
**لەو ڕۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ،**
**دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ**
**سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ،**
**باغچەی ژینم پڕ بۆتەوە لە نەمامی گوڵ!**
**ئێستا ئەگەر بێت هیچ نەبێ لوتفی تۆ جارجار،**
**بلاوێنێ ئەی ژنی شۆخ، ئافرەتی نازدار!**
**قەسەم بە تۆ! قەسەم بە ناز! قەسەم بە جوانی!**
**هەمـوو هەسـتـیم ئەچێـتـەوە دۆخی جـارانی!....** (ل: ٦٤).

**ب) ئاماژەی (گۆران) بە ڕۆڵ و پێگەی ژن:**

شـیـعـری "ئەنجـامی ئەژدەهاک" ئەو جـۆرەی گـۆران لە

پێشەکی شیعردا باسی دەکا، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩ز داینا‌وە کە قەرار بوو وەک ئۆپێرایەک، چەند پەردە لەخۆ بگرێ، بە داخەوە ئەم هیوایەی گۆران بەهۆی یارمەتی نەدانی هونەرمەندان، سەری نەگرت و گۆران تەنیا توانی یەک پەردە لەم ئۆپێرایە تۆمار بکا کە لە گۆڤاری بەیان(*) بڵاو کرایەوە.

هەر وەک دەزانین شیعری "ئەنجامی ئەژدەهاک" دارشتنەوەی دووبارەی داستانی زەحاکە(ئەژدەهاک) کە فیردەوسی لە شانامەدا باسی کردووە، جیاوازی کاری گۆران لەم شیعرەدا - کە بەهۆی خەسڵەتی شانۆ و ئۆپێرا دێتەپێش - زیادکردنی دیالۆگ و بەدیهێنانی فەزایەکی کوردییە، بەر لەوەی ئۆپێرای گۆران لەژێرناوی "ئەنجامی ئەژدەهاک" باس بکەین، لێرەدا چەند بەیتێک لە شانامەی فێردەوسی لەمەڕ "زەحاک" بۆ پێوەندی زیاتر دەهێنینەوە:

**چنان بد که هر شب دو مرد جوان**
**چه کهتر چه از تخمه‌ی پهلوان**
**خورشگر ببردی به ایوان شاه**
**همی ساختی راه درمان شاه**
**بکشتی و مغزش بپرداختی**
**مران اژدها را خورش ساختی**
**دو پاکیزه از گوهر پادشا**
**دو مرد گرانمایه و پارسا**
**یکی نام ارمایل پاکدین**
**دگر نام کرمایل (١) پیشبین....**
**مگر زین دو تن را که ریزند خون**
**یکی را توان اوریدن برون....**
**کنون کرد از ان تخمه دارد نژاد**
**که ز اباد ناید به دل برش یاد** (فردوسی،١٣٧٩:ج١/ ٢٢-٢٣)

بە خوێندنەوەی دەقی شیعری شانامە و ئۆپێرای گۆران لەبارەی "ئەژدەهاک"ەوە، خاڵێکی جیاواز دەکەوێتە بەرچاو؛ ئەویش هێنانە بەرباسی مەسەلەی "ژن"ە. لە شانامەی فێردەوسیدا ئاماژە بەو مەسەلەیە نەکراوە؛ واتە لەوێدا تەنیا کوڕان ڕۆڵ دەگێڕن کە هەر شەو دوو دانە لەوان دەکوژرێ تا مێشکیان بدرێ بە مارانی سەرشانی زەحاک.

جارچی (لیستەیەک دەرئەهێنێ، دەست ئەکا بە خوێندنەوەی):

**ڕوستەم کوڕی کاوە، کوڕی یانزەمین...**
**کاوە (بەدەم ئاسنکوتانەوە، لەبەرخۆیەوە):**
**دەربەستی دە و یانزە نین،**
**وەستای پۆڵا و ئاسنین،**
**ڕۆژێک ئەبێ تۆڵەی گەلمان بسێنین!**
جارچی (لەسەر خوێندنەوە ئەڕوا):
**برزووی خوسرەو، کوڕی هەشتەمی خوسرەو،**
**نەوزاد کوڕی قوباد، بێژەنگی پڕتەو...**
**دەرچن لە ڕیز، بێن لێرەدا بوەستن...**
یاساوڵی یەکەم:
**باوکی سەگتان بۆتان ئەگرین وەکو ژن!**
کاوە (لەبەر خۆیەوە):
**هۆی ژیانی گەل ژنە،**
**خەنجەر پێچووی ئاسنە،**
**زامی جەرگی ژن و پیاو**
**هی دەستی یەک دوژمنە!** (ل: ٢٦٤)

لە بەشی ئەخیری شیعری سەرێدا وەک دەبینین باسی "ژن" دێتەگۆڕێ و بەجۆرێک "کاوە" بەرپەرچی قسەی یاساوڵی ئەژدەهاک دەداتەوە کە نابێ سووک بڕوانێتە ژن، ئێمە لە شانامەی فێردەوسیدا کچ نابینین کە مێشکیان دەرخواردی ماری سەرشانی ئەژدەهاک بدرێ؛ بەواتایەکی دی کچ، یان ژن ڕۆڵێکی گرینگیان نییە، کەچی لە ئۆپێرای گۆران، کچ داوای بەشداربوون لە ڕێی ڕزگاریدا دەکا، کەوابوو ئەم بابەتە دەتوانێ بەڕوونی سەبارەت بە ڕۆڵی گرینگی ژن لە کۆمەڵگادا پێشاندەری ڕوانگەی شاعیر بێت:

کچان (لە ڕیزی پشتەوە دەرئەپەڕنە دەرەوە):
**زۆر چاک ئەکا! زۆر چاک ئەکا!**
**کچ بۆ نابەن لەباتیی کوڕ، خوشک لە جێی برا؟**
**کچ بۆ بژی، لە کاتێکا کوڕ تێوبر کرا؟**
(نیوەی یاساوڵان لاوەکان ئەدەنە بەر و ئەیانبەن)
**مێشکی کوڕ و کچ لای مار،**
**لای ئەژدەهاکی زۆردار**
**هەر یەکە، هەر یەک بێ گومان!**
**ئیتر بۆچ بێبەش بن کچان**
**لە خەبات و قوربانی دان**
**بۆ نیشتمان، بۆ کوردستان؟** (ل: ٢٦٥)

دەوری کـاریگەری ژن لە مـێـژووی کـورددا، کـەوا هەمیشە شان بە شانی پیاو هاتووە و لە هەمـوو حاڵدا سـەربەست ژیاوە، لەم بەشـەی ئۆپێـراکـە - کـاتێ یاسـاوڵەکـان بە ئەمـری سـەرکـردە، کـچـان دەبەن بۆ بەندیخـانەی شـاژن تا بیـانکوژن - بەڕاسـتی شـیـاوی بیستنە:

**(بەستەی کچان)**

**بۆ کچە کورد ژینی دیلی ژین نییە،**
**بە دەمی دیل هەنگوین هیچ شیرین نییە،**
**ئەی قژی زەرد، وەکو پووش دەسکەنە بە!**
**ئەی لێوی ئاڵ، بەبێ زەردەخەنە بە!**
**چاوی ڕێژراو پێ مەکەنە وەکو گوڵ**
**بۆ ڕۆژی ڕەش برژێنە فرمێسک بەکوڵ!**
**لەنجە مەکە بەژنوباڵای نەمامی،**
**ڕەشپۆشی جوانەمەرگیی چەند برامی؟**
**بە کەساسی کەچ بە، گەردنی بێگەرد!**
**سەرکوڵمەکان، بگرن ڕەنگی لیمۆی زەرد!**
**بۆ خۆشەویستی لێمەدە ئیتر، دڵ!**
**لەناو گۆڕی تەنگا با ببێ بە گڵ!**
**کە ئازادی و باوک و برا لە کیس چوو،**
**کـچـە کـوردێک چ زیندوو بێ، چ مـردوو!** (ل: ٢٦٥-٢٦٦)

گۆران لە نووسینی ئەم ئۆپێرایەدا، سەرەڕای ئاماژە بە ئازایەتی کچانی کورد، ئیشارە بە هونەرمەندیی ئەوانیش دەکـا کـە لە سـایەی هونەری "چۆپی"(ڕەقس) و یارمەتیدانی "کرماییل" توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن:

کرماییل:
(ئەگاتە بازاڕی ئاسنگەران، سلاو لە کاوە ئەکا):

**خاوەن شکۆ بێ دەماخە**
**دڵمان هەموو پڕ لە داخە!**
**چاوی ماری ناچێتە خەو**
**نە کاتی ڕۆژ، نە کاتی شەو!**
**لە خۆراکی مێشکی کوڕیش**
**سەر با ئەدەن بە فیشە فیش!**
**ئێستا ئەڵێم چۆپیی کچان**
**بکەم بە هۆی ڕەشمار لاسدان،**
**ماری دڵتەڕ، کچ هەڵپەڕێ**
**خەویشی دێ و ئەشلەوەڕێ!**

کرماییل(هەر بە چپە):
**ئەم کچانەی ئەمڕۆ گیران،**
**پەڵپ و بیانووی چۆپیی ماران،**
**دەربازیان ئەکا وەک یاران!** (ل: ٢٦٦-٢٦٧).

هێنانە بەرباسی کورتەیەک لە پەردەی یەکەمی ئۆپێرای "ئەنجـامی ئەژدەهاک" ئەوەمـان بۆ ڕوون دەکـاتەوە کـە ئەگـەرچی مـاکی داسـتـانەکـە هی زەمـەنێکی دی و شاعیریکی دیکەیە، بەڵام لە داڕشتنەوەی ئەم داستانە لەگەڵ دەقی سەرەکی، جیاوازییەکی بەرچاو دەبینرێ کە ئەویش ئاوڕدانەوە لە پێگە و ڕۆڵی "ژن"ـە. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر بیروڕای شاعیر لەم بارەیەوە کە جێگەی ژنی لە کـۆمـەڵگا بە نرخ زانیـوە و یەکـسـان چاوی لێ کردووە.(٢)

* * *

ئێستا دێینە سەر ڕوویەکی تری شیعرەکانی گۆران کە تێیدا ئاماژە بە گرفتی ژنان لە ناو کۆمەڵدا کراوە:

١- دیل بوونی ژن لەژێر جەهل و تەعەسسوبی پیاودا

شـیـعـری "حوزنی پەچە" هەر وەک لە ناوی شیـعـرەکە دەردەکەوێ - بەنموونە - باسی ژنێ دەگـێـڕێتـەوە کـە لە دنیای دابونەریتی کۆندا ڕاگیراوە و بواری دەربازبوونی بۆ نیـیـە. بەداخـەوە ئەوە نموونەیەکی تاڵە لە ڕابوردووی بەشێک لە ژنانی کۆمەڵ کە گۆران لە قالبی دیالۆگ بە شیعر نووسیویەتییەوە. بوێریی شاعیر کە هاوڕەگەزی خۆی، واتە "پیاو" بەم چەشنە دەخاتە بەر تیغی ڕەخنەوە، بەڕاستی کارێکی ناوازە و کەم وێنەیە. ژن بە زمانی بێ زمـانی لەم دیالۆگـەدا وە زاڵە هاتووە و بە گـۆران وەک کـەسـێکی بەردەنگ (مـخـاطب) دەڵێ: هەمـوو هۆی دواکەوتەیی و بێ ناوی و شاراوەییمـان، لە ژێر سـەری "جینسی پیـاو"دایە. بێ گـومـان بەسـەرهاتێک کە دڵی بەردین بکا بە "مـاییـعی ناری" جـێی سـەرنجـدان و تێڕامـانە؛ هەر بۆیەش شـاعـیـر ئەم دەردەی ئاوا بە هێند گـرتووە و لەبارەیەوە شـیـعـری نووسـیـوە. ئاوڕدانەوە لەم بابەتە، ئەوە دەردەخات کە نەزانی و تەعەسسوبی پیاوان چلۆن چنگی خـسـتـووەتە سـەر دنیـای ژنان و "پەچە"ی غـەمناکی و تاریکی بە قـسـمـەت کـردوون، بەشـێکی شیـعرەکـە لەوە دەدوێ کە جۆری ڕوانینی سـەبارەت بە ژن خۆی بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ژن "گەوهەر"یەتی خۆی لە دەست بدا؛ لەبەر ئەوەی هیچ هەڵێکی لە لایەن پیـاوەوە

بۆ نەڕەخساوە و هەر گۆشەی ماڵ بە جێگەی دانراوە! ئاکامی ئەم بوار نەدانە بە ژن، یان زیندانی کردنی هونەرەکانی، بووەتە هۆی ئەوەی کە نەفرەت لە ژیانی خۆی بکات و لەعنەت لە پیاو.

"حوزنی پەچە"

**ژنێکی شۆخ لە چاوی بەڵەک بە مەئیووسی**
**خلی ئەکردەوە هۆن هۆن دڵۆپی مرواری،**
**بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاھ و ئەفسووسی،**
**بە ئاوی ساردی پەتی نا، بە ماییعی ناری!**
**وتم: فیدایی جەمالت بم ئەی پەری شێوە!**
**ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت:**
**چییە کە هەیکەلی مەڕمەڕ، غوباری وا پێوە،**
**قەمەر شکات و سکاڵا ئەکا لە هەوری خەفەت؟**
**سەری بە عیشوە لەقان و بە لەهجەیێکی حەزین**
**وتی: بچووە بپرسە لە جینسی پیاوی برات،**
**کە کەوتە گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشمین**
**چییە تەفاوتی بوون و نەبوونی، قیمەتی لات؟**
**وەیا هەتا لە دەروونی ڕەشی گڵا ئەنوێ،**
**بە چی لە زیخی دراوسێ فەرق ئەکا گەوهەر؟**
**ئەوە حسێبە بە گەوهەر، ئەگەر دروستت ئەوێ**
**کە بۆتە جازیبی ئەنزاری عام بۆ ئەفسەر!**
**منیش ئەگەرچی بە جیلوە، بە جازیبەی جوانی**
**گەلێ لە فەوقی گوڵام و گرانترم لە گەوهەر،**
**وەلێ لەبەر ئەوە، هەیهات، ئەسیر و زیندانیم**
**مەداری فەخر و سروورم بووە بە قوتبی کەدەر!**
**بەڵێ! هەتاکو جەمالی پتر بێ دیلی پەری**
**دیارە مەیلی زوهووری زیاترە، ئەگری**
**ئەکا لە سیقلەتی بەندی ژیانی خۆی نەفرەت!**
**ئەکا لە پیاو و لە جەهل و تەعەسسوبی لەعنەت!** (ل: ٤٩).

هەر لەم پێوەندییەدا شیعری "لە درزی پەچەوە" شیعرێکی ترە کە شاعیر ناڕاستەوخۆ باسی زیندانی کردنی کچ لە ژێر «عابای ڕەشا» دەکا، هەرچەند بابەتی شیعرەکە بە گشتی ئەوە ناگەیەنێ و وەک تابلۆیەکی جوانی شیعری سەیری دەکرێ، بەڵام ئەگەر لە ژێر پێستی ئەم شیعرە، بەچەشنی شیعری "حوزنی پەچە" وردببینەوە ئەم ڕاستییە دەبینرێ کە ئافرەت دیلە لە ناو پەرۆ و پاڵی نەریتدا و تەنیا "لە درزی پەچەوە" دەتوانێ خۆی بنوێنێ!

"لە درزی پەچەوە":

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کاتی بەیانی**
**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی....**
**لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵابوو،**
**لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو**
**ئەڕۆییم و دزەی نیگام جارجارێک،**
**لە ژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک**
**مابووی بگاتە عاستم چەند هەنگاوێ،**
**درزێ کەوتە پەچە و دیم نیگای چاوێ** (ل: ٥٨).

٢- مەسەلەی ژن بە ژن

لە دیوانی (گۆران)دا، کۆمەڵێک شیعر لە ژێر ناوی «ئۆپەرێت» هەن کە بە شێوەی شانۆ داڕێژراون. لەم کۆمەڵە شیعرەدا، گۆران شانۆشیعرێکی بەناوی «ئەنجامی یاران» نووسیوە کە تێیدا سێ کارەکتەر بە ناوی: برزوو، وەنەوش و مەنیج ڕۆڵ دەگێڕن. کاکڵی شیعرەکە بریتییە لەوەی کە لاوێک بە ناوی "برزوو" کە چەتەی (جەندرمەی) نیشتمان بووە، ڕۆژێ لە شاخ دێتە خوار و لەبەر پلوسکی کانییەک چاوی بە کیژێک بە ناوی "مەنیج" دەکەوێ. ئەم دیدارە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم دووانە لەوێ عاشقی یەک بن و پەیمانی دڵداری لەگەڵ یەک ببەستن. پاش ماوەیەک کە ڕادەبرێ، برزوو دێتەوە هەمان سەرچاوەی کانی کە لەوێ بەڵێنی خۆشەویستییان پێک دابوو، بەڵام مەنیج نابینێ، لە ژنێکی پیر بە ناو "وەنەوش"، هەواڵی مەنیج دەپرسێ:

**نابینم وەک پار لە بەر پلووسکا**
**ئاو بدا بە کوڵمی نەرم و ناسکا!**

دوای ئەوەی وەنەوش هێندێ پرسیار لە برزوو دەکا کە کێیە و چ کارەی، بۆ لە مەنیج دەپرسی، ئەمجار برزوو ماجەرای عاشق بوونی خۆی لە سەرەتاوە بۆ دەگێڕێتەوە:

**بە قسەی لەرزۆکی لە گەروو گیراو**
**لەگەڵی دوام**
**لاوانەی بە دەم و لەبزی وەک شەکراو**
**پرسیار و وەڵام –**
**گەیشتە: ناونیشان، ناو، دۆست، دەزگیران**
**تا دەستمان بۆ یەکتر نایە سەر قورعان:**
**کە هەرگا پێویستی نیشتمانم دی،**
**لە چەک بەردرام**
**ماڵی زۆر هەڵگرم، بێمە خوازبێنیی**

**گوڵغونچەی هیوام!**
**وائێستا چیم هەبوو کردوومە بە نەخت**
**وەک عەوداڵ کەوتوومە شوێن تروسکەی بەخت** (ل: ٢٥٩).

دوای ئەوەی برزوو، بەسەرهاتی عاشق بوونی خۆی بۆ "وەنەوش" دەگێڕێتەوە، سەرئەنجام وەنەوش ڕاستییەکی پێ دەڵێ کە چ قەوماوە:

**وەنەوش:**
**ڕۆڵەکەم کەڵکەڵەی مەنیج لە سەرت**
**دەربکە...**
**برزوو:**
**- مردم!**
**بێ گومان مەنیجی نازدار مردووە؟**
**وەنەوش:**
**نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە؛**
**بۆ ماڵ و ژن بە ژن باوکی چرووکی**
**لە دێیەکی دوور**
**لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکی،**
**ژاکا گوڵی سوور**
**وا ئێستا کەوتووە لەسەر نوێنی خەم**
**فرمێسک ئەبارێنێ: کەی کەم ئێستەکەم!** (ل:٢٥٩-٢٦٠)

بنەڕەتی ئەم شیعرە لەسەر گرفتێکی کۆمەڵگا دانراوە، شاعیر بەم جۆرە ویستوویەتی پەنجە بخاتە سەر کێشەیەک کە کۆمەڵگاکەی گرفتاری بووە. ئەویش کێشەی بە زۆر بەشوودانی کچ و ژن بە ژنە، کەوابوو ئەنجامی نووسینی ئەم شانۆ شیعرە، داننانە بە هەبوونی «نەریتێکی بەد» دەرحەق بە ژنان کە جاری وا - وەک لەم شانۆیەدا دەبینرێ - لاوانیشی دەگرتەوە. بەگوێرەی ئەوەی لەم شانۆیەدا هاتووە، کچی کۆمەڵگا، لەو سەردەمەدا مەعشووقەیەکی تارادەیەک کامڵ بووە؛ یانی هەم خاوەن "جەماڵ" بووە، هەم خاوەن "کەماڵ":

**شیرینە سەرتاپای ئەندامی مەنیج**
**شیرینتر: ڕەوشت و خوو و فامی مەنیج!** (ل: ٢٥٨)

کەوابوو گرفت لە لایەن هەست و هۆشی ئافرەتەوە نییە، بەڵکو کێشە کۆمەڵگا و دابونەریتی کۆنە کە غەدر لە حەق ژندا، ڕەوا دەبینێ.

شاعیر دوای ئەوەی پێک نەگەیشتنی ئەم دوو دڵدارە لەیەک ڕادەگەیەنێ، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە گرووپی کوڕان و کچانی پاشەڕۆژ ئاگاداری ئەم غەدرە هەن و وەک سەمبولێک ئەم عەشقە پیرۆزە لە یاد ناکەن. پەیامی سەرەکی کۆرسی کوڕان و کچان ئەوەیە: بنەبڕکردنی «نەریتی بەد» و «پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی».

کۆرسی کوڕان:

**لێرەدا دڵدارێک ئەنوێ کش و مات**
**نەوجەوانێک بوو؛**
**نەریتی بەد نەیهێشت بگا بە ئاوات**
**یاری لە کیس چوو!**
**یەکەم جار لێرەدا بەستبووی پەیمان**
**هەر لێرەیش خۆی پێ کوشت دەردی بێ دەرمان**

کۆرسی کچان:

**ئەمەیە قیبلەگای تەوافی کچان:**
**گڵکۆی مەنیج جوان**
**بۆ دۆستی جوانەمەرگ وەفای خۆی نوان**
**ئەویش خۆی خنکان**
**خۆی کردە قۆچی عەشق، قۆچی سەربەستی**
**پچڕانی زنجیری کۆنەپەرستی!** (ل: ٢٦٠).

پەیامی کۆتایی شاعیر گەیشتن بەو ئامانجەیە کە کچان و کوڕان نابێ هەرگیز تەسلیم بن و دەبێ لەپێناو عەشقی خۆیاندا سوور بن!

هەر دوو کۆرس (بە تێکەڵی):

**بێن کچان، بێن کوڕان، پەیمان ببەستین:**
**بۆ هێزی زۆرداری ملکەچ نەوەستین؛**
**شەهیدانی عەشق**
**بکەین بە سەرمەشق**
**دڵداریی ڕاست و پاک ئامانجمان بێ گشت**
**یان بژین سەرفەراز، یان بچین بە کوشت!**

٣- ئاغاوات و بەبووک بردنی کچ بە ئیجبار

مەسەلەیەکی تر کە گۆران سەبارەت بە ژن هێناویەتە بەرباس، مەسەلەی بە بووک بردنی کچ بووە بە دەستی چینی ئاغاوات. شیعری "بووکێکی ناکام" بەباشی ئاماژەی بە خاڵێک داوە کە لە ڕابوردوودا لە سیستەمی ئەرباب - ڕەعییەتی بەڕێوەدەبرا. ئاغا حەزی لە هەر کچێ بایە، بێ ئەوەی بایەخی دابا بە ناخی دەروون و مەیلی کچ، دەبوو زوو بۆی بگۆزنەوە. دەسەڵات و حوکمی زۆر، گەلێ ڕوحی پاکی کچانی بەم چەشنە قوربانی کرد.

بێ ئەوەی حەزێ لە گۆڕێ بێ - وەک ئەم بەسەرهاتەی گۆران باسی کردووە - بە هەڵکەوت کچ پەسەند دەکرا و بە بووکی دەبرا. ئەوەی دەسەڵاتی ئاغاوات لە زوودا چی بە سەر ئافرەتان هێناوە و چۆن عەشقی کچان پێشێل بووە، بەجوانی لەم شیعرەی «گۆران»دا ڕەنگی داوەتەوە:

**لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ،**
**«کچی جووتیار!» بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ**
**کۆشکی ئاغا گەچکارییە، ئاوێنە بەندە،**
**کەس نازانێ بە ژمارە، پەنجەرەی چەندە!....**
**ئاغای خاوەن هێز و شکۆ، خاوەن سامداری،**
**لە کاتێکا درێژ ئەکا دەستی دڵداری**
**بۆ گەردنی گوڵی کێویی لە جێ هەڵکەنراو،**
**نمی فرمێسک بە دی ئەکا لەسەر کلی چاو!**
**مووچڕکەیەک بە سەر تاپای لەشیا ئەگەڕێ:**
**ئاگادارە فرمێسکی سۆز، دێتە خوار بۆ کێ!** (ل: ٧٢)

گۆران لە دوا بەیتدا «مووچڕکەیەک بە سەر تاپای...» باسی ئەوە دەکا کە هەر دوو لا (کچ - ئاغا) دەزانن خۆشەویستی لە بەیندا نییە و سیستەمی "زۆر" بووەتە هۆکاری ئەم پێوەندییە.

**کچی جووتیار بۆ بەهەشتی ژین و دڵداری،**
**لەگەڵ کوڕی شوان بەستبووی پەیمانی یاری!** (ل: ٧٢)

عاشقی کچی جووتیار لەبەر ئەوەی بەیەک ناگەن، لە سیستەم و دەسەڵاتی ئاغا یاخی دەبێ و سەرەنجام لەم ڕێیەدا دەکوژرێ. ئەنجامی شیعر ئەگەرچی باس لە بە ئاکام نەگەیشتنی بووکێک دەکا، بەڵام پەیامەکەی گرینگە؛ ئەویش ئەوەیە کە ئاغای زۆردار بە هەزار کوشتن و بڕین هەر ناتوانێ دڵی کچێ کە خاوەن عەشقی ڕاستەقینەیە وەدەست بێنێ:

**پیاوماقووڵی ڕاسپێری کرد تارەک سازبکرێ،**
**زوو ئەم شۆخە نەرمونۆڵەی بە بووک بۆ ببرێ**
**کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو، دایە کێو،**
**زەوی داگرت بە تفکردن، ئاسمان بە جنێو!**
**چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،**
**دەغڵی سووتان، باغی بڕی، بۆ ئەتک و بۆ پەنگ:**
**کلک و یاڵی چەند چارەویی قەل کرد بە خەنجەر،**
**بەسەر ڕانی ئاغایا دا و مەڕی دایە بەر**
**تاکو دوایی ڕۆژێ بەختی نۆکەری ئاغا**
**خەوی لێ خست لە سێبەری درەختی باغا؛**
**پەنجەی کینە لەسەر پیلکەی تفەنگ کەوتە کار،**
**کۆستی دڵی بۆ ئێجگاری کەوت کچی جووتیار!**
**ئێستا ئەوا هەرچی بڵێی نیعمەت و نازە**
**هەمووی ئەدا بە یەک دڵۆپ فرمێسکی تازە،**
**لەبەر دەرگای چاوی ڕەشا بلەرزێ و بڵێ:**
**دەستی زۆردار سەد سەر ئەکا، ناگاتە دڵێ!** (ل: ٧٣).

٤- سزادانی کچ بە سەربڕین

شیعری «بەردەنووسێک» کە بەگوێرەی وتەی گۆران "لەسەر کێلی گڵکۆی گەورە کچێک هەڵکەنراوە"، لەو شیعرانەیە کە ڕاگوێزەری دەردێکی شاراوەی کۆمەڵگایە. هەر ئەوەندەی شاعیر هاتووە ئەم دەردە دەروونییەی لە زمان کچێکەوە بۆ خوێنەر باس کردووە، یان بڵێین دووپاتی کردووەتەوە، خۆی هەنگاوێکی گرینگە؛ لەبەر ئەوەی شاعیر ویستوویەتی ئەم دەردە هەر لەسەر کێلی قەبران نەبێ، بەڵکو بیهێنێتە ناو خەڵکەوە کە چلۆن بە سزای تاوان، کچ دەبێتە قوربانی و کوڕ باسی ناکرێ! شاعیر بە زەق کردنەوەی فەرق و جیاوازی خستنە ناو کچ و کوڕەوە، ویستوویەتی پەنجە بخاتە سەر ئەم خاڵە کە کۆمەڵگا لە بەرانبەر کچدا گەشەی نەکردووە و هەر بە چاوی سووک دەڕوانێتە ئەوان. بەشێک لە شیعری "بەردەنووسێک":

**لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما،**
**بەسوێن و پەیمان،**
**وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لە ناو جێما؛**
**ئابڕوومی تکان!..**
**پاش ئەوەی ماری پیس زەهرەی خۆی ڕژان،**
**کشایەوە کون؛**
**هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان**
**کەتنکەری ون...**
**ڕووی نیازی زەردی دایک و باوک و خۆم**
**بێ سوود کەوتە گەڕ،**
**خۆیشی چەشنی باوکی تفی هەڵدا بۆم،**
**گوێی لێ کردین کەڕ!**
**ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،**
**بە دەستووری گەل**
**ناپاکیی کردەوەی دوور لە پرسیار بوو،**
**بەڵام، ئاخ ئەجەل!**
**منی «کچ» مامزی بەندیخانەی ژین:**

**سزای تاوانم،**
**به دەستی باوکی خۆم چووم بەسەربڕین!** (ل: ١٦٥-١٦٦)

وەک لە دەقی شیعرەکە دەردەکەوێ، «کچ، مامزی بەندیخانەی ژین» لەپێناو تاوانێکدا دەکوژرێ! کەچی کوڕ بە حوکمی کوڕێتی و زۆرداری!! بە هۆی ئەنجامی هەمان تاوان باسی ناکرێ و لە بەرانبەریدا، بنەماڵە و کۆمەڵگا چاو دەنووقێنێ! ئەم مەسەلەیە بەرباسی سەرەکی شاعیرە کە بۆ دەبێ وابێ؟! شاعیر ئەگەر ئەم بابەتەی لە دیوانەکەیدا هێناوەتەوە بێ هۆ نییە، بێ گومان دەرکی دەردێکی لە پشت بووە. بەڕاستی زوڵمێکی زۆرە کچ بە دەست باوکی خۆی بکوژرێ! مەسەلەکە هێندە گرینگە ئەگەرچی کۆمەڵگا و بنەماڵە خۆی لێ پاراستووە، یان باشترە بڵێین خۆی لێ گێل کردووە، بەڵام ئەم غەدرە ون نەبووە و ڕاگوێزراوەتە سەر کێلی قەبران، بەوەش کۆتایی نەهاتووە و خۆی خزاندووەتە دەقی شیعرەوە:

**پرچی پەخشانم،**
**تلا لە خوێنەوە و کەوتە سەر چاوم،**
**ئیتر نەمبینی:**
**لە جەرگی باوکما سەری بڕاوم**
**چۆن بوو برینی؟**
**یان دایکی دڵسۆزم وێرای بەبێ شەرم**
**بۆ جوانەمەرگی**
**وەک دایکان شیوەنێک بگێڕێ بە گەرم!**
**ڕەش کا بۆی بەرگی؟** (ل: ١٦٦).

بەشی دوایی شیعری "بەردەنووسێک" بە دوو پرسیاری تاڵ لە زمان کچەکەوە کۆتایی دێ: یەکەم ئەوەیە کە کچ تا دوایین هەناسە پێی سەیرە کە بە دەست باوکی ئەم کارە ئەنجام درابێ و دەڵێ هەر نەمزانی زامی "کچ سەربڕین" چۆن بوو لە دڵی باوکمدا! ئاخۆ دڵی پێم سووتا پاش مەرگ، یان نا؟ پەشیمان بووەوە؟ وەخەبەرهات کە چ کارێکی کرد؟

پرسی دووەم ئەوەیە کە کچ سەرەڕای دەردی خۆی، غەمی دایکی بووە، چون ئەویش هەر لە چینی خۆیەتی و مەترسی زۆری لە بەرانبەردا هەیە، بۆیە دەڵێ ڕەنگە دایکم نەوێرێ لە ترسی باوکم بۆ کچەجوانەمەرگەکەی، تەنانەت گەرمەشینێک بگێڕێ، یان جلی ڕەش بپۆشێ!

دەبینین نیگەرانی کچ - کە دەسکەوتی کۆمەڵگا و پیاوە - دوای مەرگیش هەر درێژەی هەیە.

٤- بێ ناوی

خەفەتی شاعیر بۆ ئەو کچە جوانانەی کە بەهۆی باری کۆمەڵایەتی و کوێرەوەری لەبەر چاو شاراوەن و ناتوانن خۆیان بناسێنن، بووەتە هۆی ئەوەی خەمێکی قووڵ لە دڵی شاعیردا بەدی بێت. ئەم "شۆخە نایابە"ی وا گۆران لە شیعری "جوانی بێناو"دا باسی کردووە، بەڕاستی دەکرێ بڵێین هیچی کەمتر نەبووە لە کچانی دەرچووی کێبەرکێی "شاجوان"ی جیهان. گۆران لەم شیعرە حەسرەتی بێ ناوی و زوڵم لێچوونی کچانی هێناوەتە ئارا و بەجۆرێک بۆیان بەداخەوەیە:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ،**
**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ!**
**ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە دوو،**
**گەندەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک،**
**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک!....**
**ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆر بن،**
**لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن،**
**با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ،**
**بە واتەی خەڵکی تر با ناویان شاگوڵ بێ،**
**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،**
**کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە!....**
**دەربەست نیم ڕێبوارم، دەربەست نیم ڕەوتەنیم،**
**ئەزانی شپرزە و دەربەستی ئێجگار چیم؟**
**هی ئەوەی نیگارێک لە یادم کێشراوە،**
**شۆخێکی نایابە، بەڵام ئاخ، بێ ناوە** (ل: ٦٥).

**پەراوێزەکان:**

١- کرمائل (کرمایل): «یەکێک لە دوو چێشت لێنەری زەحاکە ئەوی تریان ناوی ئەرمایل بوو، ئەوانە هەموو ڕۆژێ لەو دوو کەسەی کە قەرار بوو بکوژرێن و مێشکیان دەرخوارد مارەکانی ڕواوی سەرشانی زەحاک بدەن، یەکیان دەکوشت و یەکی تریان

ڕزگار دەکرد، بەجێی مێشکی ئەوەی ئازاد دەکرا، مێشکی مەڕیان دادەنا. دەڵێن کورد لەو کۆمەڵە ڕزگار کراوە بەدی هاتووە» (دیهخودا، ١٣٧٧:ج١٢/ ١٨٢٨٥).

٢- جگە لەم نموونانە، هێندێک خاڵی دیکەش لە دیوانی گۆران بەرچاو دەکەوێ کە دەتوانێ نیشاندەری ڕوحیات و ڕوانگەی ئەو بێ، سەبارەت بە ژن؛

**ئەلف)** مەسەلەی سەداقەت و ڕاستی شاعیر لە بەرانبەر کچ لە شیعری "بۆ گەورە کچێک":

**بۆ ڕاستی نەڵێم گەورە کچی عیشوە سەراپا،**
**ئەوسا نییە تا ناخی نیگای دیدە بەری بێ**
**ئەوسا نییە تا ناوی قسەش دیوی دەرێ بێ،**
**ئەوسا نییە، ئەوسا نییە، ئەوسا نییە بەخوا!** (ل: ٦٢).

**بێ)** دڵ هێشیی گۆران لە مەعشووقەکەی کە تەنیا مەودای هەڵبەستێک - هەڵبەستی ڕەنجاو - دەخایەنێ و لە هەڵبەستی تردا - هەڵبەستی پەشیمان - شاعیر پەشیمان دەبێتەوە و داوای لێبووردنی لێ دەکا و دەڵێ:

**کفرە لای من لە یار ڕەنجان**
**پێی لێ ئەنێم ئەی زوهرەی جوان!**
**هەرزە گۆییم کرد هەرچیم وت،**
**وا ئەو چڵکەم بە فرمێسک شت،**
**بە فرمێسکی پەشیمانی،**
**ئەی زوهرەی ناز، زوهرەی جوانی!....**
**ئەی زوهرەی ناز! زوهرەی جوانی!**
**گەردنکەچی چاوەڕوانی**
**وەستاوم، سا دڵم خۆش کە،**
**شیعری پێشووم فەرامۆش کە!** (ل: ٦١)

**جێ)** سەروەری ژن بە سەر سروشتدا لە شیعری "ئافرەت و جوانی":

**بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،**
**لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە،**
**شەوقی درەخت لە ڕووم پژاوە،**
**لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە....**
**ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن،**
**ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن!**
**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاوهەرگیز،**
**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز؛**
**بێ ئاوازەیە دەنگە نەرمەکەی**
**با نەیدا لە گوێم، تێر نەڵێم ئۆخەی!**
**کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی**
**ئاڵە وەک کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟....**
**کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی**
**تەلیسماوییە وەک هیی دڵداری؟** (ل: ٤٣)

**د)** یەکسان بینینی کچ و کوڕ: کاتێ شیعری "لەسەرە مەرگی هیوادا" لەگەڵ شیعری "شیوەنی گوڵاڵە" دەخوێنینەوە، تێ دەگەین کە گۆران بۆ مەرگی هەر کام لە منداڵەکانی شینگێڕی تایبەتی کردووە و هیچ جیاوازی نەکردووە، بگرە تەنانەت بۆ کچەکەی زیاتریش داخدار بووە. شیعری "لە سەرەمەرگی هیوادا" کە بۆ کوڕەکەی نووسیوە ١٨ بەیتە و شیعری "شیوەنی گوڵاڵە" کە بۆ کچەکەی نووسیوە ٢٠ بەیتە:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**
**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**
**کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی**
**کە باوکت چەند بە ناسۆرە برینی!**
**کچم، ڕوحم، کچم، هەیهات!**
**چ کۆچێ بوو! چ کۆچێ؟ وا کش و مات؟!** (ل: ٩٩)


**سەرچاوەکان:**

**١- دهخدا، علی اکبر (١٣٧٧)، لغت نامەی دهخدا، ج دوازدەهم، چ دوم، تهران، موسسەی انتشارات و چاپ دانشگاە، تهران.**

**١- فردوسی، ابوالقاسم (١٣٧٩)، شاهنامەی فردوسی بر اساس نسخەی مسکو/ (برتلس)، ج ١، ساری: نشر بارقه.**

**٢- گۆران، عەبدوڵڵا (١٣٨٦)، دیوانی گۆران، چ سێیەم، تاران: بلاوکراوەی پانیز.**


**(*) مەبەستی لە گۆڤاری (بەیان)یساڵی ١٩٥٩یە، نەک گۆڤاری بەیانی ساڵی ١٩٦٩، کە ئەوسا گۆران خۆی کاری لەو گۆڤارەدا کردووە.**

**(ڕامان)**